# بەربوومەتە  ناو  تەنیایی

شيعري : جةلال بةرزنجي



لە نێوا ن هە ردوو زەریادا
ژنێك دا رێك  رادەكێشێ
هە ر بە ڕێوە خەونی راو دەكات
پەڕەسێلكەیە ك
ئاو بۆ بێچووەكانی دەبا
لە نێوان هەردوو زەریادا
سە برم كووڕ كووڕ بۆتەوەو
بە گۆچانی تاراوگە دەڕوات
لە نێوان هەردوو زەریادا
وشەم ئازادە
بە ڕەڵابوومەتە ناو تەنیایی
لە نێوان هەردوو زەریادا
بە كەوتنە خوارەوەی خۆخێك بە ئاگا نایێم
تا نەكەوێتە ناو دەستم
لە نێوان هەردوو زەریادا
شتێك دیار نیە لە شیعر جوانتر
لە تەنیایی من ئازادتر
لە نێوانیاندا
خۆر ناخرێتە تورەگەی كێشتە نگاوانی شوانێك
لە كەناری زەریایێكیان
ماسی گرێك
پلانی كوشتنی نائومێدی دادەنا
لە نێوانیاندا
چرا یەك بە غەمباری دەسووتا
لە نێوان هەردوو زەریادا
خە یاڵم چوبووەوە بنی بوخچەی دایكم
ژنەكەش هەر بە ڕێوەبوو
دارەكەی رادەكێشاو



خەونی راودەکرد

مانگی بەفران باربوو

هەتاوێکی گەرم بوو

گلەیم نەبوو

من و تەیرەکان

هیچمان نە مابوو بەڕەڵای کەینە ناو

ئەو هەتاوە ئازادەی مانگی بەفران بار

کەسیش نەدە هات شەق لە جامە ئاوی بەر دەمت هەلدا ت

کەس هاوڕێیە تی لەگەڵ خۆی

نەدەبردەوە مالەوە

لێرە

هەر کەسە و بای خۆی هەیە

هەر کاتێك ویستی بەرەڵای دەکات

هە ر کەسەو کاسکێت بەو شێوەی

حەزی لێیە لە سەری دەکات

لێرە

د ۆراندن یەك باوکی هەیە

لێرە بۆنی شەوبۆ ناگاتە سە ربانان

لێرە

سەربەستی لە رەهایی خۆی بێزا رە

لێرە

سوارێکم نە بینیووە

ئە سپەکەی لغاو کات

لێرە

کەسم نە بینیوە جارێك ئاور

لە تا بلۆیەکی رەش وسپی بداتەوە

یان مندالێك هێللکە ی

دۆڕای بن دیوارێك هەلگرتەوە

لێرە جوانە ترسنۆکەکان

بە ئاسانی راو دەکرێن


هه وریش به ساڵ
له بروسکەی ون بووی دەگەرێ
لێره
له هه مووژیانت
لەزەتی مات بوونی شوانێك
له كونی قەدی دارێك نابینی
ژنه كه هێشتا دارەكەی نه گه یاندووەو
خه ونێكیشی راو نه كردووه
منیش چاوەرانم
بەرەڵابوونی ته نیایم
له دەوری ئەو ئاگرەی چاوەرانم
ژنەكه بیكاتەوه كۆ ببێتەوه